# ئاقيقي زأ و زستانىكي زؤر ... ئةحمةدي مةلا

ئێنجانەیەك نوقمی تاریكی دەبێت و هەورێكی دیش دەڕژێتە نێو باڵی ئەم سەر لە بەیانییەوە .
ئێمڕۆ دەبێتە دوێنێ و دوێنێش ترپە ترپی پێی زەمەنە، ئاودیوی تخووبی وشە دەبێت .
مەحاڵە ئەم زستانە گوڵەكان هەڵوەرێن،
مەحاڵە ئەم زستانە ترێ پێ بگا،
مەحاڵە ئەم جەڕانە، ئەم جەلحۆ زێڕینانە درز بەرن و
ئەم ماڵە چەشنی پشكۆ شكۆفە بكات ئەم زستانە .
مەحاڵە هەڵلەرزینی بەرد بەرامبەر شەپۆلی جریوە،
هەڵلەرزینی هۆ بەرامبەر گرفتی چركە
هەڵلەرزینی كازیوە بەرامبەر چەپكە وەنەوشە
هەڵلەرزینی گوڵەحاجیلە بەرامبەر توڕەیی خڕنووك .
ئێنجانەیەك لە سەرخۆ درز دەبات و
تاریكییەكی فێنك دەرژێتە نێو باڵە چرەكانی كاتەوە .
ئێمەش لە سەر گردە نزمەكان.. .
لە نێو تەپۆڵكەی غوبار،
بەیداغی بێ رەنگمان توند لە ناودەست،
دەستیش وەكو تراوێكلە دەرژایە حەوزی خەونەوە .
رەنگارەكان تێلی كارەباكانیان جێدەهێشت و
ئێمەیان لە زاكیرە دەسڕییەوە،
ئاڵاكان چەشنی گڤڤەی با،
لاپەڕەی خەونی هەڵدەدایەوە و زەمین سارایەك
هەر وەك باخچەكەی خودا .
دەگەڕانەوە بارودۆخی هەوەڵین شتەكان:
نەخشەی دەرپوقیو و گۆڕە سێ كوچكەكەی فیرعەون،
قەڵەنگەكەی مووسا،
هێڵە بریندارەكانی حەمۆرابی،
ئاسكە بزمارییەكانی ئالاسكۆ،
بزۆنە خورییە چڕەكانی دەشتاییەكان،
كڵاوە خورییەكەی نەمرۆد،
خەنجەرە دارینەكەی پیرەمێرد و هەندێ مامری ئاوی دەدەنە شەققەی نارنج و
قەتارەیان دەبەست قازوقوڵینگ .
هەندێ زەڕافەی كاغەزین، ددانیان لە باخچەكانی ئاسمان گیر دەكرد
ئەستێرەیان دەخواردەوە،
هەندێ تیشكی چەماوە، هەندێ ئایەتی ئاوین دەكەوتنە ناو گیرفانی سەڵتەكەی نەنكم،

هەندێ خاچ و هەندێ بازنە،
هەندێ هێڵ و هەندێ هێما،
هەندێ جووجەڵەی تەنیا کاغەزی سپیان داگیر دەکرد .
ئەرێ ئەوە ئێمە نەبووین دەچووینە بەردەم مزگەوتان و ئاگرمان بە گوڵ دەکردەوە،
هەڵمان دەدایەوە کاغەزی بۆر و هەڵدەفڕین پەرەسێلکەی عەدەم،
هەڵدەفڕین ئەوەی لە دەوری حەوز کرۆشکی دابوو،
هەلاڵەی رۆح سپی، قەسیدە پەنجە باریکەکانی گوێسوانە؟
لە هەندێ لاوە زرینگەی دەهات کورتانی عەجەم،
ترپەی دەهات دڵی شەربە،
ئاخوڕی ئاخیرەت لە بەر کوانووی دۆژ،
قەستەقوولی بەرەکەت بەرامبەر سەکۆی ویژدان،
تڕخێنەی پیرۆز بەرامبەر ترسی حەبەلوول،
تیتروا‌سکی مەغریب بەرامبەر شەقی مانگ و تەوێڵی پێغەمبەران .
لە ئاسۆی گەردوونیشەوە مەجرووم هەڵدەهات و مەجروومێ دەکووژایەوە.. .
داسەکانمان لە قەبرغەی مێژوو دەچەقین، هاژەی دەهات غەدارەکان،
داسەکانمان گوڵەگەنمیان بە غەریب دەزانی،
شەنەیان بە مرۆڤ،
داسەکانمان ژەنگیان هەڵهێنا و عەقڵیشمان کەڕووووو .
ئای بۆ روژهەلاتی رۆژ.. .. .. ئاوا!
لە سەر چ تاشەبەردێ مێژووی عەدەمم بخوێنمەوە؟
لە سەر لاپەڕە ئیشراقییەکانی سەهرەوەردی؟
یا لە سەر خاکی کاکی بە کاکی مەرەکەب؟
ئەی عەدەمی تۆ لە کوێ بخوێنمەوە؟
لە بەر سێبەری کاڵی سێدارەکەی هەلاج؟
یا لە پێچی کەشیدەکانی حەججاج؟
لە کوێ گومەزی بێهودەیی خۆم ببینم؟
بێهودە دمەوێ نوقم ببمە نێو دێڕەکانی شیعرەوە،
خەونێکی کەستەکین قووتم دات .
خەوێك: هەراشتر بێت لە مەفهووم
گەورەتر لە تەڕایی
رەقتر لە هیوا
درێژتر لە مانا
بێ ماناتر بێت لە هاودەمی
کورتر لە تەمەنی هەلاڵە .
دەمەوێ تەمەنی خۆم قووت دەم
بژاکێم وەك کاغەزی ئەم سەردەمە
بێ مانا چەشنی رۆحی قەڵەم .

ئینجانەیەك و نوقمی تاریکی دەبێت و
بە کەس نالێت ماڵئاوا .
لە گەڵ خۆی
بیرەوەری من و
تەمێکی تر و
ئاودیوی زایەڵە.. .
بە تەنها
لە سەر ئەم شۆشتەیە.. .
سەیری هەتاو دەکەم، دەخوولێتەوە و ئاوا نابێت،
سەیری ئەستێرە دەکەم چەشنی بەردێ دەکەوێتە
حەوزی بەردەوە،
سەیری شینیی ئاسمان دەکەم، چاو هەڵدەگلۆفێ،
هەوریش مێزەری باپیرەمە،
وەك کتێبێ دەکرێتەوە:
درێژتر لە هێڵی کاکێشان، روونتر لە حەوزی ئاخیرەت:
لە
خەونە شینەکانی حەراوە، لە چیا رەق و تەقەکەی نوورەوە بۆ ئەشکەوتی غار و
تەونی کەون و ئاڵۆزی عەقڵی غوبار،
لە
زەمزەمی روونەوە بۆ مەتارە چاکەت گوونییەکەت زەردك،
لە
خەندەقی یەکەمەوە بۆ سەنگەرە جەهەننەمییەکانی کەرکووك،
لە
غارغارێنی بەدرەوە بۆ غارغارێنی فەرهوودەکان،
لە
تاقی خەسرەوەوە بۆ تاقە تاریکەکانی تەقتەق،
لە
شیرینی کچە ئەرمەنییەوە بۆ سالآنی پانزە،
لە
دوانزە سواری مەریوانەوە بۆ هەیوانەکانی یارمجە،
لە
هەندەسەکانی لاتەوە بۆ ئاسنە گەمژەکانی هوبەل،
لە
ئامۆژگارییەکانی عوززەوە بۆ ئامۆژگارییەکانی خاچی سوور،
لە
حەوشەکانی کەعبەوە بۆ خەرقەکانی نەقشبەند
لە

سەکۆکانی رەیحانەوە بۆ رۆحەکانی پەپوولە،
لە
قەبرەکەی ئیبن عارەبییەوە بۆ گۆڕستانی شێمحێدین،
لە
دەشتەکانی شارەزوورەوە بۆ پردەکانی عەباسی،
لە
گۆڕەپانەکانی قوورتەبەوە بۆ حەوزەکانی تاجمەحەل،
لە
بۆراقی چاو خەواڵووەوە بۆ هۆما باڵ نەرمەکان،
لە
بەردە رەشەکەی مەککەوە بۆ بەردە سپییەکەی گەڕەشێخان،
لە
لەشکری ئەبرەهەوە بۆ لەشکرەکانی پار و پێرار،
لە
سوورمەی چاو رەشەکانی قەسیدەوە بۆ دەشتاییەکانی گۆڵدەرە،
لە
منارەی چۆلییەوە بۆ تۆپە ژەنگنەکانی پاشای کوێرە،
لە
قەراتی ئەهریمەنەوە بۆ گۆڕە کەسکەکەی دانیال پێغەمبەر،
لە
حەوزە دەم هیشکەکانی جاهیلییەوە بۆ جەهلی پێشەوا،
لە
کەوا شۆڕەکەی ئەبوو جەهلەوە بۆ شەڕواڵە فلْتەکەی مام رەجەب،
لە
چاوە سوورەکانی ئەبوو لەهەبەوە بۆ چاوە جوانەکەی سەرۆك
لە
گیرفانە فراوانەکانی وەرەقەوە بۆ کەشکۆڵەکانی وەفایی،
لە
دەلینگە گوڵدارەکەی خەجیجەوە بۆ چاوە شیرینەکانی قزلەر،
لە
دەسماڵە بۆنخۆشەکەی زولێخاوە بۆ سەخمە مۆرەکەی وەلی،
لە
بیرەکەی برایمەوە بۆ بیرە پڕ بەردەکەی عەلی بەیان،
لە
کەژاوەکانی ئەبوو لەهەبەوە بۆ هەورەکانی خڕی خاسە،
لە
چاوە پڕ کلەکانی پێغەمبەرەوە بۆ بەرگی مەسحەفی رەش،

لـه
زوڵفه ئاڵۆزەکانی حەبیبەوە بۆ پەتیارەکانی تەقسیم،
لـه
خاڵەکانی ست فاتیمەوە بۆ ژنە ئاسمانییەکەی مەحوی،
لـه
خڵخاڵەکانی قەدەمخێرەوە بۆ بازنە زیوینەکانی عادیلە،
لـه
پەندەکانی پیرەمێردەوە بۆ جوزوعەممە بێ رەنگەکانی پاسوانزادە،
لـه
حیکمەتەکانی بوداوە بۆ شووشە بەتاڵەکانی تۆپەڵ حەسەن،
لـه
گوێچکەی خەلیجەوە بۆ تەڵبەندکانی خاپوور،
لـه
سمبێڵ خەنەیی ئاغاکانی دزەییەوە بۆ فریشتەکانی حەسار مەحەتە،
لـه
شەوانی قەدرەوە بۆ شەوانی قادرزەمە،
لـه
هیجرەتەوە بۆ شەستوسێ،
لـه
ئەشکەوتی هەزارمێردەوە بۆ کادانەکان تۆپزاوە،
لـه
چرای گەشی ئاهووراوە بۆ تاوسە پێ سپییەکانی شەنگار،
لـه
کوانووەکانی زەردەشتەوە بۆ حەمامەکانی سەردەشت،
لـه
شەرابە تاڵەکەی رۆستەمەوە بۆ گورزەکەی رۆستەم،
لـه
شمشێرە دوو فاقەکەی عەلییەوە بۆ دەمانچە تۆپڵییەکەی ئەرپە،
لـه
مازەندەرانی غەمەوە بۆ میترۆکانی پاریس،
لـه
گەراجەکانی کەرەجەوە بۆ بێهوودەیی سەری رەش،
لـه
رووباری هەندۆسەوە بۆ دەریاچەی ژنێڤ،
لـه
دەسرازەکانی تۆمارەوە بۆ باخچە هەڵواسراوەکان،
لـه

دەردەنیلی دەردەوە بۆ قەوزەکانی رۆحم
لە
قیرە قیڕی بۆقەکانی تەپەوە بۆ قەڵەرەشەکانی گرانڤێل،
لە
منارەکانی بوخاراوە بۆ بخوورەکانی کریشنا.. .. .
چۆڕێ تەڕایین مێزەری باپیرەم وەکو هەڵم جدەهێڵن .
تەپوتۆز هەڵدەکات،
گۆنا تێکەڵ شیرینیی،
مۆسیقاش دەگەڕێتەوە زەریا .
تەمێکی مۆر،
بایەکی زۆر
هەڵدەستێ،
داهاتوو دەسڕێتەوە .
لە سەر شۆستەی رۆژئاوا، ئاوا دانیشتووم،
دوور دەڕوانم، تیترواسکێ نییە،
نارنجێتی دەنگی،
گورزە تیشکەکانی رەنگی،
ئادیوی سەدا،
لەمەودوا،
غوربەتی خۆرنشین و نەغمەیەکی دی
بخوێنێتەوە .
منیش قەڵەمێکی تر دەگرمە شینیی ئاسمان،
هەندێ وشە تێکەڵ بێ دەنگیی،
هەندێکی تر تێکەڵ بە هێما،
بەڵکو لە دووڕێیانی شەق بردوو،
لە سەر زاکیرەی ئاقیقێکی زڕ،
هەندێ ناز و هەندێ نیاز بداتە رووی دەریا ..

فەرەنسا ١٩-٦-١٩٩٧